# وەزیری پێشمەرگە تەئکید دەکاتەوە بڕیاری دامەزراندنی دوو فیرقەی سەربازی لە کوردستان هەنگاوێکی پێویست بوو



دوێنێ فەریقی یەکەم عومەر عوسمان وەزیری پێشمەرگە لەدیوانی وەزارەت پێشوازیکرد لەشاندێکی باڵای هێزەکانی ئەمەریکا لەمووسڵ کە پێکهاتبوون لە عەمید سۆماس و عەمید براون و شاندی یاوەریان. لەو دیدارەدا کە هەریەک لە فەریق شێروان عەبدولڕەحمان و لیوا بەکر سدیق ئامادەبوون، باس لەدوا پەرەسەندنە ئەمنیەکانی کوردستان و شاری مووسڵ کراو ڕۆڵی پاسەوانانی هەرێم لەبەرقەرارکردنی باردۆخی ناوچە دابڕاوەکان بەرزنرخێنرا، وەزیری پێشمەرگە لەو بارەیەوە تەئکیدی کردەوە لەوەی کە پێشمەرگە وەک هەمیشە ڕۆڵی بەرقەرارکردنی سەقامگیری ئەمنی دەبینێت و هاوکارێکی باشیش دەبێت بۆ هەمموو ئەو هەوڵانەی لەپێناو بەرقەرارکردنی ئارامیدا دەنرێن و لەوەش دڵنیایە کە ماندوبونی لەو پێناوەدا دەبێتە جێگای شانازی و پێزانینی هەموو ئەو لایەن و کەسانەی کە بە پەرۆشن بۆ ئایندەی ناوچەکە، لەتەوەرێکی تری دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر هەوڵەکانی وەزارەت بۆ دروستکردنی ئەو دوو فیرقەیەی کە بڕیاری دروست کردنیان لەکوردستان دراوەو ئەو کارەش بەهەنگاوێکی پێویست زانرا لەپێناو بەهێزترکردنی ئاستی سوپاو دامەزراوە سەربازییەکانی ئێراق.

# ڕێکخراوی چاودێری جیهانی بۆ جینۆساید ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێکی جیهانی دەکات



دوێنێ عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکوومەتی کوردستان پێشوازیکرد لە د.گریگۆری ستاندن سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێریی جیهانی بۆ جینۆساید و قایمقامی ئیدارەی گەرمیان وژمارەیەک لەبەرپرس و ئەندامانی ڕێکخراوی چاک. لەدیدارێکدا د.گریگۆری مەبەستی سەردانەکەی بۆ کوردستان بۆ جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ڕوون کردەوە کە بریتییە لە ئامادەکردنی کتێبێک لەسەر جینۆسایدی گەلی کوردستان لەلایەن دکتاتۆریەتی سەدام حوسێن وهەروەها ئامادەباشی بۆ سازدانی کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ ناساندنی ئەم تاوانەی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەسەر گەلی کوردستاندا هێنراوە، لەبەرامبەردا جێگری سەرۆکی حکوومەت بە د.گریگۆری ڕاگەیاند کە ساڵانی 1987 و 1988 وەک پێشمەرگەیەک شاهید حاڵێکی وردەکارییەکانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان و جافایەتییە و وەک حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەی پێشکەشکردنی گشت هاکاری و ئاسانکارییەکین بۆ سەرخستنی کۆنفرانسەکەتان.

# مەکتەبی سیاسی پیرۆزبایی لە مامۆستایان دەکات

**بۆ مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی**

بەبۆنەی 46 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی تێکۆشەرەکەتان گەرمترین پیرۆزبایتان لێ دەکەین وهیوادارین سەرکەوتوین لەو ئەرکە پیرۆزەی لەسەرەتای دامەزراندنەوە خەباتی بۆ دەکەن لە هەردوو بواری نەتەوایەتی و پیشەییدا و لەرێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان دەکەین. یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە قۆناغی خەبات و تێکۆشاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و بەشێک بوون لە پرۆسەی شۆڕشگێری کوردستان. مامۆستایان وەکو توێژێکی گرنگ وهەستیار لەپێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوە لەدوای نەوە ئەرکی مێژوویی خۆیان بەو پەڕی دڵسۆزیەوە بە ئەنجام گەیاندووە و نەیان هێشتووە پرۆسەی خوێندن ڕاوەستێ، دووبارە پیرۆز بێت وسەرفراز بن.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

# لە ئەمەریکا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەماددەی 140 دەدوێ

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا هەستا بە سازدانی کۆڕێک بۆ د.کەمال کەرکووکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و د.محەممەد ئیحسان وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە HILTON GAR-DEN LNN ئوتێلی هیلتۆن گاڕەن ئن لە شاری فێرفاکس بۆ کوردەکانی دەڤەری واشنتن دی سی، لەسەر ماددەی 140 ی دەستوری ئێراق و شاری کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تر، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان زۆر بە شەفافیەوە باسی کارو چالاکییەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و ئامانجی ئەم سەردانەیان بۆ ئەمەریکا و مادەی 140ی دەستوری ئێراق و شاری کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تر کرد، دوایی د.محەممەد ئیحسان مادەی 140 ی دەستوری ئێراق و شاری کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی تر لەگەڵ پڕۆجکتەرێکی بەڵگەی بەنەخشە و نووراوەوە لەسەر شاری کەرکووک و پیلانەکانی ڕژێمەکانی بەغدا کە دژی گەلەکەمان کردویانە. لەکۆتایی کۆڕەکە ڕێگا والآ کرا بۆ ئامادەبووان بۆ چەندین پرسیار کە د.کەمال کەرکووکی د.محەممەد ئیحسان زۆر بە شەفافی وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە. جێی ئاماژەیە کە خەڵکێکی زۆر لە کوردەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ئامادەی کۆڕەکە بوون.

# جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی فرەڕەگەز، کوردستان بە نموونەی ئارامی و سەقامگیری سیاسی وەسف دەکات

کەریم سنجاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە ژەنەڕاڵ جۆن کۆپەر جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی فرەڕەگەز لە ئێراقی فیدراڵ. لە کۆبوونەوەیەکدا گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی ئەمنی ئێستای ئێراق کراو هەروەها تیشک خرایە سەر ئەو ئالیەتانەی کە بۆ پاراستنی ئاسایشی شارەکانی ئێراقی فیدراڵ گیراونەتەبەر. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا ژەنەڕاڵ جۆن کۆپەر ستایشی ئەو هەوڵ و کۆششانەی کرد کە کاربەدەستانی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان لە پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە شارەکانی هەرێمی کوردستاندا گرتویانەتەبەر، هەروەها ژەنەڕاڵ کۆپەر هەرێمی کوردستانی بە نموونەی ئارامی و سەقامگیری سیاسی وەسف کرد. لە کۆتاییدا هەردوولا تەئکیدیان لەسەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندی وهاریکاری لە نێوان دام و دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێراقی فیدراڵ کرا، هەروەها بڕیاردرا کەلەمەودوا هەماهەنگی زیاتر بکرێ لە نێوان وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ و هێزەکانی فرەڕەگەز، بە ئامانجی یەکخستنی هەوڵ وتواناکان بۆ ڕێگاگرتن لە شێواندنی ڕەوشی ئەمنی و گێڕانەوەی سەقامگیری سیاسی بۆ هاوولاتیان لەسەرتاسەری شارەکانی ئێراقی فیدراڵ.

# زیندانیانی سیاسی کوردستان و ئێراقی فیدراڵ داوا دەکەن قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێنەوە

دوێنێ چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە دیوانی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندێکی زیندانیانی سیاسی ئێراق و کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان بە سەرۆکایەتی حاتم کازم ئەلمەیاحی سەرۆکی دەزگای زیندانیانی سیاسی ئێراق و سلێمان خالید ئاژگەیی سەرۆکی کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان، لە دانیشتنێکدا تاوتوی پرسە هەنوکەییەکان کرا سەبارەت بەو ڕەوشە نا ئارامەی ناوچەکانی باشووری ئێراق و هەروەها پرسی زیندانیانی سیاسی ئێراق و کوردستان بەتایبەتی. سەرۆکی زیندانیانی سیاسی ئێراق وێڕای دەستخۆشی و بەرز نرخاندنی ئیش وکارەکانی وەزارەت بە تایبەتی ئەو ماف و ڕێسایانەی وەزارەت بۆ زیندانیانی سیاسی کوردستانی دابین کردووە، لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە وەکرا هەرچی زووە هەوڵبدرێ دۆسیەی زیندانیانی سیاسی ببێتە خاڵی پەیوەندی نێوان حکوومەتی کوردستان و حکومەتی ئێراقی فیدراڵ، لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت هەرچی ماف و ئیمتیازاتە بەبێ جیاوازی بۆ زیندانیانی سیاسی ئێراق و کوردستان دابین بکرێ و قەرەبوی مادی و مەعنەوی بکرێن، واش بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو دانیشتنەکان بەردەوامیان هەبێ.

# وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو یاداشتێکی لێک تێگەیشتن لەگەڵ گرووپی کۆمپانیای CREAی چیکی ئیمزا دەکا

تەحسین قادر وەزیری سەرچاوەکانی ئاو بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری گشتی وەزارەت پێشوازی کرد لە شاندی کرووپی کۆمپانیای (CREA)ی چیکی کە بەمەبەستی ئیمزاکردنی یاداشتی لێک تێگەیشتن سەردانی وەزارەتیان کرد. سەرەتا شاندی میوان مەبەستی سەردانەکەیان خستەڕوو و باسیان لە گرنگی ئیمزاکردنی ئەم یاداشتی لێک تێگەیشتنەکرد کە لە نێوان گرووپی کۆمپانیای(CREA)ی کۆماری چیک و وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا دەکرێ. دواتر وەزیری سەرچاوەکانی ئاو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە ئیمزاکردنی ئەم یاداشتی لێک تێگەیشتنە لەگەڵ گرووپی کۆمپانیای ناوبراو، هەروەها وتی: هیوادارم ئیمزاکردنی ئەم یاداشتی لێک تێگەیشتنە ببێتە فاکتەرێک بۆ زیاتر گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان لە بواری ئاو و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان هەردوولا لەسەر بنەمای خزمەت کردن بەسەرجەم بوارەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان و هەروەها پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ شاندی میوان خستەڕوو و بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکارییەکی پێدان لە داهاتوودا. هەر هەمان ڕۆژ وەزیری سەرچاوەکانی ئاو لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە سەلاح عەولا کونسوڵی هۆڵەندا لە هەولێر کرد. لە دانیشتنێکدا سەرەتا کونسوڵی هۆڵەندا گوتی: لە چوارچێوەی ئەو هاوکاری وهەماهەنگییەی حکومەتی هۆڵەندا بۆ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دەکا ڕەزامەندی دەربڕیوە لە سەر دابینکردنی هەشت کورسی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجێستێر و دکتۆرا بۆ کادیرانی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لە هەردوو بواری ئاو و کارگێڕی، هەروەها جەختیشی لسەر ئەوە کردەوە کە حکوومەتی هۆڵەندا لە داهاتوودا بەردەوام دەبێ لەسەر هاوکاری کردنی زیاتری وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو.

# پرۆفیسۆر د.گریگۆر: UN کەمتەرخەمی نواندووە لەناساندنی جینۆسایدی کورد

بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو شەهیدانەی کە بەشاڵاوی جینۆساید کەوتن و بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال بەجیهانی دەرەوە و دەسکەوتنی زانیاری زیاتر دوای ئەوەی پرۆفیسۆر د.گریگۆری ستانتۆن سەرۆکی ڕێکخراوی جینۆسایدۆچی جیهانی، لەسەر بانگهێشتی ئیدارەی گەرمیان سەردانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی کرد، دوێنێ لەدرێژەی سەردانەکەیدا پرۆفیسۆر د.گریگۆری ستانتۆن بەیاوەری تاریق ڕەشید قایمقامی ئیدارەی گەرمیان و ئیبراهیم مەلازادە ئەندامی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە ناوەندی چاک سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان کرد و بەگەرمییەوە لەلایەن د.شوان محەممەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لێکرا. لەو دیدارەدا وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو هەنگاوە گرنگانە کرد کە بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد نراوە و بەتایبەتی لەلایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ئەیلولی 2007 لە ژنێف بەسترا ولەوێوە وەزیری مافی مرۆڤ کە سەرۆکایەتی شاندی ئێراقی دەکرد داوایکرد پرسی ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالی گەلی کورد بەدونیا بناسرێ و هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری دادگای تایبەتی بەغدا بۆ ئەم ڕەوشە بەرزکرایەوە و لەدواییشدا ئەم بڕیارە لەلایەن حکوومەتی ئێراق و هەردوو پەرلەمانی ئێراق و کوردستان پەسندکرا کە ئەمەش گرنگیەکی پڕ لەبایەخی خۆی هەبوو، هەروەها باس لەوە کرا کە پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێ هەموو ئەو جینۆسایدانەی دژ بە گەلان کراوە بە گەلی کوردیشەوە بگاتە هەموو لایەنەکانی دونیا و لەم ڕووەوە هەردوولا بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد کە لەمەودا بەشێوەیەکی جیدیانە ئەم هەوڵە پەرەی پێبدرێ و لایەنەکانی پەرلەمان و حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و ڕێکخراوە جیهانیەکان ئەم مشورە بخۆن لەسەرووی هەمووشیانەوە ڕێکخراوی جینۆسایدۆچی جیهانی. هەر لەم ڕووانگەیەوە باس لەڕۆڵی یەکێتی ئەورووپا کرا کە دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵی باش بگێڕن. لە قسە و گفتوگۆکاندا پرۆفیسۆر د.گریگۆری ستانتۆن ڕایگەیاند جێگەی سەرنجە کە ڕێکخراوی UNکەمتەرخەمی کردووە لە پێناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد وئەو گەلانەی ڕووبەرووی کارەساتی جینۆساید بوونەتەوە. شایانی باسە ڕێکخراوی جینۆسایدۆچی جیهانی ڕێکخراوێکی جیهانیە و تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پرسی ئەو گەل و نەتەوانەی کەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بە کۆمەڵ کوژراون و نەتەوە زۆر لێکراوەکانی دونیاش لەم ڕێکخراوە ئەندامن.

## لەدەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران
# 12 تەن دۆی ماوە بەسەرچوو دەستی بەسەردا دەگیرێت

**خەبات-بەختیار قادر-ن.چۆمان:** دەروازەی سنوری حاجی ئۆمەران کە دەروازەیەکی فەرمی بازرگانی نێوان کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێرانە ڕۆژانە بەشێوەیەکی بەرچاو ئاڵوگۆڕی بازرگانی لێوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، لەنێویاندا کاڵاو شتومەکی خواردەمەنی دەهێنرێتە کوردستان، بۆ دڵنیابوونی کاڵاکان حکوومەتی کوردستان لەرێگای دووبنکەی چاودێری پشکنین بۆ خواردەمەنیەکان ئەنجام دەدات، لەم بارەیەوە دکتۆر سیروان بەرپرسی بنکەی گەرەنتینەی بەیتەرەی حاجی ئۆمەران بەخەباتی ڕاگەیاند، بەهۆی ماوە بەسەرچوونی 12 تەن دۆ و دەرنەچوونی بۆ سێهەمین جار لە تاقیگەی سۆران ڕێگەمان نەدا بەهاتنە ناوەوەی، هەروەها بەرپرسی بنکەی ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند لەگەڵ قەدەغەکردنی پەلەوەری زیندوو هێلکە بەنوسراوی فەرمی وەزارەتی کشتوکاڵی حکوومەتی هەرێم وەڵێ بەرێگای یاساغ ئەم دیاردەیە بەردەوامی هەیە و ئێمە ناتوانین پێشیان پێبگرین، شیاوی باسە لەگەڵ هاتنی بەشێکی زۆری خواردەمەنی لە ئێرانەوە بۆ کوردستان لەبەر نەبوونی تاقیگەی جۆری لەم دەروازەدا بۆ پشکنینی پێویست دەبێت کاڵا و شتومەک ببردرێنە تاقیگەی سۆران. تاگەڕانەوەی ئەنجامی پشکنینەکە بازرگانەکان کاڵاکانیان دەگەیەننە بازاڕەکانی کوردستان.

## بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وشکەساڵی بڕیارە
# کونسڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر هەماهەنگی وەزارەتی کشتوکاڵ بکات

دیاردەی وشکەساڵی و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی و هەوڵی هەمەلایەنەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەوەری سەرەکی دیداری نێوان عەبدولعەزیز تەیب وەزیری کشتوکاڵ و ڕۆبەرت ڕاندۆلف جێگری کونسڵی بەریتانی لە کوردستان بوو، لەم دیدارەدا کە بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەت ئامادەبوو، بەتێرو تەسەلی باس لە کاریگەریی نێگەتیڤانەی وشکەساڵی بۆ سەر ئابووریی هەرێمی کوردستان کرا، وەزیری کشتوکاڵ باسی لە پلان و بەرنامەی وەزارەت کرد بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەم دیاردەدیە و ئەو هۆکارانەی تارادەیەکی باش لە کاریگەرییەکەی کەم بکەنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، جێگری کونسڵی بەریتانیا ئامادەیی خۆیی بۆ هاوکاری کردنی وەزارەتی کشتوکاڵ دەربڕی و ئاماژەی بە پرۆژەی هاوبەش و هەنگاوی پراکتیکی کرد بۆ ئەم بوارە و هاوکات دووپاتی کردەوە کە کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان پێویستی بە شارەزایی پێشکەوتووی تەکنیکی هەیە لە م قۆناغەدا تاکو وەک بنەمای سەرەکیی ئابووریی هەرێم گەشە بکات.هەروەهاستایشی ڕەوشی سەقامگیریی کوردستانیشی کرد بۆ کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

# کونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران ستایشی بارودۆخی ئایینی لە کوردستاندا دەکات

دوێنێ کونسولی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەرێمی کورستان سەردانی وەزارەتی ئەوقافی کرد و لەلایەن شێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف پێشوازیکرا، لە دیدارێکدا باس لە ڕەوشی ئاینی لە هەرێمی کوردستان کرا و بەرپرسەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران ستایشی بارودۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی کرد و پشتگیری وڵاتەکەی بۆ پێشخستنی ڕەوشی ئاینی هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.

# بڕیارە ئەنجوومەنی قەزای ناوەندی کەرکووک لە 21 ئەندام پێک بێت

**کەرکوک-عیمران قانوونی:** دوێنێ بە سەرۆکایەتی ڕزگار عەلی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد، سەرەتا ئەنجوومەن باسی لە ڕەوشی ئاسایشی شاری کەرکووک کرد تیایدا ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا داوایان لە هێزە ئەمنییەکانی شارەکە کرد ڕێوشوێنێکی توند وەربگیرێت بۆ پاراستنی گیانی هاوولاتیانی سڤیل، لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باس لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی قەزای ناوەندی کەرکووک کرا کە بڕیارە بەپێی بڕگەکانی یاسای پارێزگاکان لە 21 ئەندام پێکبهێنرێت، ئەندامانی ئەنجوومەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەدەبێ ئەنجوومەنی قەزای کەرکوک لە 6 ئەندام بۆ کورد و تورکمان و عارەب و 3 ئەندام بۆ کلدان و ئاشووری و سابیئەو ئەرمەن پێک بێ ، پاشان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا داوای لە نەجات حوسێن ئەندامی لیستی تورکمانی کرد ئاگاداری لیستەکەی بکات بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان سەبارەت بە کاندیکردنی ئەندامانی تورکمان بۆ ئەنجوومەنی قەزاکە، دواتر باس لەو گرێبەستانە کرا کە لە لایەن دەستەی ناکۆکییەکان پۆچەڵکراوە، ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تەواوی پشتگیری خۆیان بۆ ئەو بڕیارە دەربڕی.

# ئەنجوومەنی بەریتانی پاڵپشتی لە پەرەپێدانی خوێندنی پیشەیی و فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەکات

**خەبات-دلێر ئیبراهیم:** د.دلشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دیوانی وەزارەتدا پێشوازی لەخاتوو کارین گبلن بەڕێوەبەری نوسینگەی ئەنجوومەنی بەریتانی لە ئێراق و شاندی یاوەری کرد، کە بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکی پەروەردەیی و پیشەیی سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. شاندە بەریتانییەکە پاڵپشتی تەواوی خۆیان بۆ پرۆسەی نوێی خوێندن و فەلسەفەی هاوچەرخ و سەردەمیانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی دووپاتکردەوە، لە بە دیموکراتی کردنی خوێندنگە و ڕەخساندنی ژینگەیەکی پاک و خاوێن و تەندروست و دوور لە توندوتیژی لە خوێندنگەو قوتابخانەکاندا. خاتوو کارین ڕوونی کردەوە کە ئەنجوومەنی بەریتانی بەمەبەستی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە ئێراق و بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستاندا. چالاکییەکانی خۆی پەرەپێدەدات و بەنیازە چەندین وۆرکشۆپ و سمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات.

# یادی شەهیدانی تەقینەوەکەی بارەگای لقی 23ی مەخموور کرایەوە

لەساڵیادی کردەوەتیرۆریستیەکەی بارەگای لقی 23 ی پارتی لەلایەن تیرۆریستانەوە، هەڤاڵ عەبدولکەریم قادر دیبەگەیی بەرپرسی ناوچەی مەخموور بەیاوەری هەڤاڵانی ناوچەی مەخموور، سەردانی ماڵە شەهیدەکانیان کردو باسیان لە کردەوە تیرۆرستەدا کردو کەبووە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی ژمارەیەک هاوولاتی، خۆشحاڵی خۆشیان نیشاندا، بەئاشکرابوونی تیرۆرستانی ئەم کردەوە تیرۆرستیە.

# بەتەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو لەیاریگای سەپان 3 منداڵ بریندار دەبن

**خەبات- بەختیار مەلا ئەحمەد- ن. سلێمانی:** پاشنیوەڕۆی دوێنێ لەئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو سێ مێرد منداڵ بریندار دەبن ویەکێکیان بەهەهۆی سەختی برینەکەیەوە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بەڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: تەقینەوەکە لەناو یاریگای سەپانی سەربەشارۆچکەی چوارقورنەی شاری ڕانیە ڕوی داوە وبۆمبەکە لەناو عەلاگەیەکدا بووەو لەئەنجامی تەقینەوەی بۆمبەکەش سێ مێرد منداڵ کەدوانیان بران بەناوەکانی ئەحمەد ئیبراهیم تەمەن 13 ساڵ و دانا ئیبراهیم تەمەن 16 ساڵ و ئاسۆ لەشکر تەمەن 10 ساڵان کەسەرقاڵی یاریکردن بون، دوای ئەوەی بۆمبەکەیان بینیوە دەستکاریان کردووەو پاش تەقینەوەی بۆمبەکەش بەسەختی برینداربوون، سەرچاوەکە ئەوەشی ڕوونکردەوە، دانای تەمەن 16 ساڵان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی وژیانی لەمەترسیدایە، لەگەڵ ئەوەی ئەم تەقینەوەیە جێی گومانە، بەڵام تائێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن ئاسایش وهێزەکانی ناوخۆ نەدراوە و سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن سەبارەت بەرووداوەکە.

# بەتەقینەوەیەک لەناوچەی تانجەرۆ کەسێک گیانی لەدەستدا

**خەبات- بەختیار-ن. سلێمانی:** تەقینەوەیەک لەناوچەی تانجەرۆی شاری سلێمانی بوەهۆی گیان لەدەستدانی کەسێک وبرینداربوونی کەسێکی دیکە، لەوبارەیەوە سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بەڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند روداوەکە پێشنیوەڕۆی دوێنێ بووەو ئەو دوو کەسە کارمەندی ڕێکخراوی M,A,G ن و ڕۆژانە ئەرکی هەڵگرتنەوەی مین وتەقەمەنیەکانیان لەو ناوچەیەدا پێسپێردراوە، تەقینەوەکە بەهۆی گوولله تۆپێکی ئەو ناوچەیە بووە ولە ئەنجامدا بوەتە هۆی گیان لەدەستدانی کارمەندێک بەناوی تۆفیق محەممەد برینداربوونی کارمەندێکی دیکە بەناوی سالار محەممەد، پاش ئەو روداوەش تەرمەکە گەیەنراوەتە پزیشکاری دادوەری سلێمانی و بریندارەکەش بۆنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بۆچارەسەری پێویست، سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند لێکۆڵینەوە لەو روداوە بەردەوامە وبریندارەکەش برینەکەی سەختەو لەژێر چاودێری پزیشکیدایە.

# جلوبەرگ بەسەر 75 منداڵی هەژار و کەمدەرامەتی هیران و نازەنین دابەش دەکرێ

ڕێکخراوی پاراستنی مافی منداڵانی کوردستان لە شارەدێی هیران و نازەنین بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری ناحیە و بەرپرسی ناوچە و کەسوکاری منداڵان جل وبەرگی بەسەر 75 منالی هەژار و کەم دەرامەتی دەڤەرەکە دابەش کرد.

**تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لە بیر بێت**